IOM
وكالة الأمم المتحدة للهجرة

**ژمارەی ئاوارەکان لەعێراق لە 3.3 ملیۆن تێ دەپەڕێت: ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ**

عێراق – تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکانی عێراق کە دوێنێ لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچەوە بڵاوکرایەوە ژمارەی ئاوارەکان لە عێراق بە 3,320,844 کەس دەستنیشان کردووە (کە 553,474 خێزانن) لە ماوەی ١ کانوونی دووەمی 2014 تا ٤ شوباتی 2016.

بە پشتبەستن بە زانیاریی بەردەست و شێوازی کارکردنی تۆماری ئاوارەکانی عێراق، تیمی مرۆیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق پلانی بەهاناوەچوونی ئاوارەکان بۆ 3.3 ملیۆن لەبەر چاو دەگرێت.

سێ پارێزگا زیاتر لە نیوەی ژمارەی ئاوارەکانیان لەخۆ گرتووە کە بریتین لە: بەغدا بەرێژەی 18% (602,628 کەس)، ئەنبار بەرێژەی 17% (574,764 کەس) و پارێزگای دهۆک بەرێژەی 12% (404,424 کەس). هەروەها پارێزگاکانی تر کە ژمارەیەکی زۆر ئاوارەیان لە خۆ گرتووە بریتین لە: پارێزگای کەرکوک بەرێژەی 11%(377,208 کەس) وهەولێر بەرێژەی 11% (360,522) و موسڵ بەرێژەی 8% (259,962 کەس) و پارێزگای سەڵاحەددین بەرێژەی 5% (180,594 کەس).

لەماوەی 7ی کانوونی دووەم تاکو 4ی شوباتی 2016 ژمارەی ئاوارەکان زیادیکردووە لە پارێزگای موسڵ (12,114 کەس) و لە پارێزگای سەڵاحەددین (7,578 کەس) هەروەها لە پارێزگای ئەنبار (3,264 کەسی) بەهۆی بەردەوامی کردە سەربازییەکان.

سەرجەمی 534,048 تاکە کەسی ئاوارە گەڕونەتەوە بۆ شوێنی بنەڕەتی خۆیان؛ ئەم سەرجەمە ئاماژە بە بەرزبوونەوە لە ژمارەی گەڕاوەکان دەکات بەرێژەی 6% (31,662 تاکە کەس) لە سەرەتای کانوونی دووەم. هەروەها پارێزگای سەڵاحەددین بەرزترین ڕێژەی سەدیی لە ئاوارە گەڕاوەکان بەخۆوە بینیوە (257,694 تاکە کەس).

سەرۆکی نێردەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق تۆماس لۆسەر ڤەیس گوتی: " ئەم قەیرانە مرۆییە گەورە لە عێراقدا لە توانای لایەنە مرۆییەکان بەدەرە کە بتوانن بە ئاستی پێویست هاریکاری مرۆیی دابین بکەن. پاڵپشتیی دارای زیاتر و سەرچاوەی مرۆیی و پاڵپشتی زۆر پێویستن بۆ کەمکردنەوەی دژواریی دۆخەکە و ئەو بارە ناهەموارەی ئاوارەکان ڕووبەڕووی دەبنەوە. ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ لەگەڵ تیمی مرۆیی نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوبەشە مرۆییەکان و دەسەڵاتدارانی حکوومەت و دۆنەرەکانمان کار دەکات بۆ پێشکەشکردنی کۆمەکی بە ئاوارە عێراقیەکان لەسەر تاسەر وڵاتدا".

گورزەی زانیاریەکانی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان، لەنێویشیدا نەخشەی شوێنی ئاوارە و دانیشتیوان و پەناگەکان، لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بە هەماهەنگی لەگەڵ تیمی مرۆیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق دروست کراوە بۆپێدانی نوێترین زانیاری گشتگیر لەبارەی دۆخی ئاوارە عێراقیەکان. تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان پارەدار کراوە لە لایەن نووسینگەی ولایەتە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان و پەنابەران و کۆچ.

تازەترین داتابەیسی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان، داشبۆرد و نەخشەی دینامیکیی ئاوارەکان، وێڕای بەرهەمەکانی پێشووی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان، دەکرێ لەم لینکەی خوارەوەدا بدۆزرێتەوە.
http://iomiraq.net/dtm-page

بۆ زانیاریی زیاتر تکایە پەیوەندی بکەن بە ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ لە عێراق

. ساندرا بلاك، ژمارەی تەلەفۆن ٠٠٩٦٤٧٥١٢٣٤٢٥٥٠

یان بە ئیمەیل: sblack@iom.int

یان پەیوەندی بکەن بە لۆرا نیستری لە ڕێی ئەم ئیمەیلەوە lnistri@iom.int